پژوهشنامه ادبیات کردی
بهـــار و تابستـــان ۱۳۹۹
سال ٦، شماره ۱، پیاپی ۹

*Journal of Kurdish Literature*
Spring and Summer 2020
Vol. VI, No. 1, Series 9

# نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی

ئێحسان مەردۆخ ڕۆحانی [1]

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۲۴ فروردین ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۳۰ شهریور ۱۳۹۹؛ صص ۲۴۷-۲۶۴

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.747

## کورتە

پیشان‌دانی کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان لەسەر گۆڕانی کێش، ڕوانگەیەکی نوێیە کە لەم وتارەدا باسی لێدەکرێ. لەم توێژینەوەیەدا لە بیروڕای حەسەنپوور و وەلی لەسەر مێژووی نەتەوەخوازیی کوردی و پەیوەندیی دەقی ئەدەبی بە ڕووداوە سیاسییەکانەوە و هەروەها جۆرەکانی کێش لە زمانەکانی دنیادا کەڵک وەرگیراوە. جۆرەکانی کێش لە زمانی کوردیدا عەرووزی و بڕگەیین کە لە عەرووزییەوە بو بڕگەیی گۆڕاوە. سەرنجی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور لە سەردەمی نالی تا کۆتایی دەیەی ۱۹۸۰دایە. لەم وتارەدا گۆڕانکاریی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لە زاڵبوونی کێشی عەرووزی بە سەر زاری کرمانجیی ناوەڕاست تا زاڵبوونی کێشی بڕگەیی- وەکوو هێمایەک لە گۆڕانکاریی پێناسەی کورد و بەهێزتر بوونی نەتەوەخوازیی کوردی- تاووتوێ کراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی کێشی شیعر، بە بڕوای توێژەر، بزووتنەوەی نەتەوەخوازانەیە. بەم بۆنەشەوە بەرهەمی هەندێک لە شاعیرە بەناوبەنگەکانی کورد – لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا – بە شێوەی مێژوویی-بەڵگەیی تاووتوێ کراوە و سێ قۆناغی عەرووزی، بڕگەیی-عەرووزی و بڕگەیی دیاری کراوە. وەک دەردەکەوێ، گۆڕانی کێشی شیعری کرمانجیی ناوەڕاست لە عەرووزییەوە بۆ بڕگەیی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەخوازانە کورد لە شەڕی دووەمی جیهانیدا.

**وشەگەلی سەرەکی:** نەتەوەخوازی؛ کێشی شیعر؛ شیعری ئازاد؛ شیعری کلاسیک؛ شیعری عەرووزی؛ شیعری بڕگەیی.

## چکیده

نشان دادن تأثیر رویدادهای سیاسی بر دگرگونی وزن، دیدگاه جدیدی است که در این مقاله مورد بحث قرار گرفته است. در این پژوهش، از دیدگاه حسن پور و ولی در مورد تاریخ ناسیونالیسم کردی و ارتباط متن ادبی و رویدادهای سیاسی و نیز انواع وزن در زبانهای دنیا استفاده شده است. انواع وزن در زبان کردی، عروضی و هجایی است که از عروضی به هجایی دگرگون شده است. تحلیل این پژوهش بر اساس گویش کرمانجی میانه در کردستان ایران و عراق از دوره‌ی نالی تا پایان دهه ۱۹۸۰ است. در این مقاله، دگرگونی وزن شعر کردی از تسلط وزن عروضی بر لهجه کرمانجی میانه تا تسلط وزن هجایی مانند نشانه‌ای از دگرگونی هویت کردی و تقویت حس ناسیونالیستی کردی بررسی شده است. یکی از دلایل دگرگونی وزن شعر، بر اساس پژوهش حاضر، جنبش ناسیونالیستی است. از این رو، آثار برخی از شعرای نامدار کرد در کردستان ایران و عراق با روش تاریخی-اسنادی، بررسی و سه دوره‌ی عروضی، عروضی-هجایی و هجایی مشخص شده است. دگرگونی وزن شعر کرمانجی میانه از عروضی به هجایی همزمان است با ظهور و توسعه جنبشهای ناسیونالیستی در دوران جنگ جهانی دوم در کردستان عراق و ایران.

**واژگان کلیدی:** ناسیونالیسم؛ وزن شعر؛ شعر نو؛ شعر سنتی؛ شعر عروضی؛ شعر هجایی.

۱. دکتۆرای ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی، ناواندی زانستی-کردەیی بێهزیستیی کوردستان، سنە، ئێران ehsanmrohani@yahoo.com

## ١ـ پێشەکی

ڕەخنەگران و وێژەرانی بەناوبانگی فارس و عەرەب تا پێش ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕەخنەی نوێی ئەدەبی، بە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری زمان و ئەدەبیاتیان کردووە. لەم چوارچێوەیەدا باس لە هەندێک تایبەتمەندی وەکوو سەروا، کێش و مانای وشە دەکرێت. فۆرمالیزم بە دووی دانانی بنەما و یاسایەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبییە. لە بیروڕای فۆرمالیستەکاندا ڕوخساری دەقی ئەدەبی لە ناوەڕۆکی گرنگترە. بۆ ماوەیەک ئەم بیردۆزە بە سەر ڕەخنەی ئەدەبیدا زاڵ بوو. پاشان کە کۆمەڵناسان و دەروونناسان و زانایانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر، دەستیان‌کرد بە شی‌کردنەوە لە سەر ئەدەبیات، فۆرمالیزم کەوتە بەر ڕەخنە. لەم زانستانەدا زمان و دەقی ئەدەبی بەرهەمی دیاردە مرۆییەکان وەکوو کۆمەڵگا و سیاسەتن. لە زمانی کوردیدا باس لە سەر کێشی شیعر، تەنانەت لە ڕوانگەی فۆرمالیستیش، بابەتێکی نوێیە و کۆدەنگی لە سەر بنەما گشتییەکانی کێشی شیعریش نییە، کە پاشان پیشانی دەدەین. لەم وتارەدا هەوڵدراوە کێشی شیعری کوردی بە ڕوانینێکی ڕەخنەییەوە تاوتوێ بکرێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمان‌داوە کێشی شیعر لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست، لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردیدا تاوتوێ بکەین و گۆڕانکاریی کێشی شیعری کوردی لە عەرووزییەوە بەرەو بڕگەیی لە سەردەمی نالی تا دەیەی ١٩٨٠ وەکوو هێمایەک لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە باس بکەین. پێشتریش باس لە سەر پەیوەندیی نێوان نەتەوەخوازی و ئەدەبیاتی کوردی کراوە. لێرەدا یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی کێشی شیعر لە عەرووزییەوە بەرەو بڕگەیی، بزووتنەوە نەتەوەخوازانەکانە. بە بڕوای نووسەر، تەنیا هۆکاری گۆڕانی کێشی شیعر نەتەوەخوازی نییە، بەڵام دەتوانێ یەکێک لە هۆکارەکان بێ. لە قۆناغی نالی‌دا کە کێشی شیعر بەتەواوی عەرووزی بووە، هەستی نەتەوایەتی لە شیعردا کەمتر کاردانەوەی بووە، بەڵام پاشان ئەم چەمکە زۆرتر دەردەکەوێ. ئەم وتارە لە کورتە، پێشەکی، گریمانەکانی لێکۆڵینەوە، ئاماژە بە جۆرەکانی کێش، سێ بڕوا لە سەر نەتەوەخوازیی کوردی، چەند توێژینەوەی بواری کێشی شیعر لە زمانی کوردی و فارسی، سێ قۆناغی عەرووزی، عەرووزی-بڕگەیی و بڕگەیی بە هەڵسەنگاندنی شیعری هەندێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەم سێ قۆناغە و ئەنجامی لێکۆڵینەوە پێک‌هاتووە.

### ١-١- گریمانەکانی لێکۆڵینەوە

١. لە نێوان سەرهەڵدانی فۆرمی ئەدەبی و ڕووداوە سیاسییەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەیوەندی هەیە.

٢. نەتەوەخوازیی کوردی وەکوو کاردانەوەیەک بۆ دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران و عێراق و تورکیا سەری‌هەڵداوە.

## ٢- جۆرەکانی کێش

شەمیسا کێشی بەسەر چوار جۆری جیاوازدا دابەش کردووە:

١- کێشی ژمارەیی:[1] کێشێک کە پێوەندی بە یەکسان بوونی ژمارەی بڕگەی هەرکام لە

[1] Numerical.

خشتەکاندا هەیە (هۆکارێکی تایبەت لەم کێشەدا نابیندرێت). کێشی شیعری فەرانسەیی، ئیتالیایی و ئیسپانیایی لەم جۆرەیە؛
۲- کێشی زەبری:[1] کێشێک کە لە سەر بنەمای زەبرێکە کە لە سەر بڕگەکان ڕوودەدات، کێشی شیعری ئەڵمانی و ئینگلیزی لەم جۆرەن؛
۳- کێشی چەندێتی:[2] کێشێک کە لە سەر بنەمای درێژیی کات، بە مانای چەندێتی (درێژ و کورتی) بڕگەکانە، کێشی شیعری فارسی، عەرەبی، سانسکریت و یۆنانی باستان لەم چەشنەیە؛
٤- کێشی ئاهەنگی:[3] کێشێک کە لە سەر بنەمای زیلوبەمی بڕگەکانە. کێشی شیعری چینی و ویێتنامی لەم دەستەیە. (۱۳۸۱: ۲٤)

لە پۆلێن‌کردنێکی دیکەدا، وەحیدیان کامیار، کێش لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا بەسەر پێنج دەستەدا دابەش دەکات:

۱- کێشی چەندێتی: کە بناغەی لە سەر ڕێک‌وپێکیی بڕگە درێژ و کورتەکان لە خشتەگەلی یەک شیعرە. ئەم جۆرە کێشە تایبەتی ئەو زمانانەیە کە پیتە دەنگدارەکان و بڕگەکان بە درێژ و کورت دابەش دەبن و جۆری بڕگەکان بریتین لە کورت، درێژ و کێشراو [کەشیدە]. کێشی شیعری فارسی، عەرەبی، سانسکریت و یۆنانی کۆن لەم دەستەدان.
۲- کێشی زەبری: بنەمای ئەم کێشە تەنیا لە سەر هاوسەنگیی ژمارەی زەبرەکانی هەر خشتەی شیعردایە و ژمارەی بڕگەکان ڕەنگە بگۆڕدرێن. ئەم کێشە تایبەتی ئەو زمانانەیە کە بڕگەکانی زەبردار بنەمایە و بڕگەکانی بێ‌زەبر بە توندی ئەدا دەکرێن، وەکوو شیعری ئینگلیزیی کۆن و ئەڵمانی.
۳- کێشی ئاهەنگی: تایبەتی ئەو زمانانەیە کە زیلوبەمی لە وشەیەکی یەک بڕگەییدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ماناکەی، وەکوو کێشی شیعری چینی.
٤- کێشی ژمارەیی: تەنیا هاوسەنگیی بڕگەکانی هەر خشتە گرنگە و ئەم کێشە تایبەتی ئەو زمانانایە کە درێژی وکورتی بڕگەکان و زەبر و زیلوبەمی دەورێکیان نییە، وەکوو شیعری فەرانسەیی و ژاپۆنی.
٥- کێشی زەبری-بڕگەیی: کە لەوەدا هەم ژمارەی زەبرەکان و هەم ژمارەی بڕگەکان دەژمێردرێت. لەم جۆرە کێشەدا گۆڕانی جێی زەربەکان و کەم و زیادکردنیان گرنگترە تا گۆڕانی بڕگەکان، وەکوو شیعری ئەمڕۆی ئینگلیزی. (۱۳۹۷: ۷۰)

بە بڕوای نووسەر، پۆلێن‌کردنی دووەم لە پۆلێن‌کردنی سەرەکی هەمەلایەنترە. بە هەر حاڵ، بە پێی هەر دوو پۆلێن‌کردنەکە، زمانی کوردی خاوەن دوو جۆر کێشی عەرووزی و بڕگەییە.

## ۳- سێ بۆچوون لەسەر نەتەوەخوازیی کوردی

سێ ڕوانگە بۆ نەتەوەخوازیی کوردی لە ئارادایە: بڕوای سەرەکی ئەوەیە کە نەتەوەخوازیی کوردی، لەگەڵ پێناسەی کوردەکاندا بووە و تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە. بە بڕوای حەسەن‌پوور، سەرەتاکانی دەرکەوتنی نیشتمانپەروەری لە نێو کورددا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەی زایینی. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، نەتەوەخوازیی کوردی دیاردەیەکی مۆدێرنە و تەمەنی زۆر کەمتر لە چوارسەد ساڵە. وەلی پێ لە سەر ئەم ڕوانگەیەی دوایی دادەگرێت. ڕوانگەی سێهەم نەتەوەخوازیی کوردی بە دیاردەیەکی کۆن لەقەڵەم دەدات کە پاشان لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی فەرهەنگی-سیاسیی مۆدێرندا دیسان پێناسە کراوەتەوە و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە (ولی، ۱۳۹۸: ۲۱). بە پێی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازیی کوردی لە دوای قۆناغی مۆدێرن، بە شێوازێکی تازە سەری‌هەڵداوەتەوە. بە

[1] Accentual.
[2] Quantitative.
[3] Tonic.

بڕوای توێژەری ئەم باسە، نەتەوەخوازیی کوردی دیاردەیەکی مۆدێرنە، نەک سێسەد یان چوارسەد ساڵە و هەر بۆیەش روانگەکانی وەلی لەم بارەوە بە باوەڕپێکراو دەزانێ. نەتەوەخوازیی کوردی، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە، کە لە دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران و عێراق و تورکیە سەری‌هەڵداوە. دەوڵەتی ئێران و تورکیە توندوتیژییان بەرامبەر بە کورد پیشان داوە و هەر دوو دەوڵەتەکە یەک پێناسەیان بە ڕەسمی ناسیوە و دانیان بە جیاوازیی پێناسەی کورددا نەناوە. نەتەوەخوازیی کوردیش شێوەیەک لە بەرخۆدان و دەربڕینی ناڕەزایی بووە لە بەرامبەر ئەم پرۆسەیەدا (ولی، ۱۳۹۸: ۱۳۲). ئەگەر دان بەم بڕوایەدا بنێین، نەتەوەخوازیی کوردیش لە دوای دەوڵەتی ڕەزاشا لە ئێران و مستەفا کەماڵ لە تورکیادا سەری‌هەڵداوە.

حەسەنپوور بەو پێیەی بڕوای وایە ئەم هەستە لە سەدەی شازدەی زایینییەوە بوونی هەیە و *مەم و زین*-ی خانی لەم بوارەدا زۆر گرنگە، زمان و دامەزرانی فۆرمێکی ئەدەبی، لە بنەڕەتدا بە پرۆسەیەکی سیاسی دەزانێ کە بەستراوەتەوە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی وڵاتێک. ئەو، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و فۆرمی ئەدەبی وەکوو پرۆسەیەکی گەشەسەندن تاوتوێ دەکات (ولی، ۱۳۹۸: ۱۲۰). کەوابێ، سەرهەڵدانی شیعری عەرووزی لە ئەدەبی کرمانجیی ناوەڕاستدا، پاشان شیعری عەرووزی-بڕگەیی لە قۆناغی کۆماری کوردستان، پاشان شیعری ئازادی بڕگەیی لە کوردستانی باشووردا پیشاندەری ڕووداوە سیاسییەکانە. کێشی بڕگەیی، پیشاندەری نەتەوەخوازی لە ئەدەبی کرمانجیی ناوەڕاستە. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا دوو نموونە لە گرنگترین بزووتنەوەکانی نەتەوەخوازیی کورد بریتین بوون لە شۆڕشی قازی محەممەد لە مەهاباد و شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لە کوردستانی باشووردا. بە بڕوای نووسەر لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی قازی محەممەد و سەرهەڵدانی نەتەوەخوازی لە کوردستانی ئێراندا شیعری عەرووزی قۆناغی نالی بۆ شیعری عەرووزی-بڕگەیی دەگۆڕدرێت. موهتەدی، شیعری ئەم قۆناغە بە شیعری نیئۆکلاسیک یان قوتابخانەی موکریان ناو لێ‌دەبات و بڕوای وایە کە شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە لە هەر دوو جۆر کێشی بڕگەیی و عەرووزی لە هۆنینەوەی شیعرەکانیاندا کەڵکیان وەرگرتووە (موهتەدی، ۲۰۱۱: ٦٦)؛ کەسانێک وەکوو هەژار، هێمن و ئاوات. لێرەدا مۆدێرن‌بوونی نەتەوەخوازی کوردی و ئەوەی کە ئەم دیاردەیە کاردانەوەیەکە بە دەوڵەتی ناوەندی لە ئێراندا (بیروڕای وەلی) و پەیوەندی نێوان سەرهەڵدانی فۆرمی ئەدەبی و ڕووداوە سیاسییەکان (بیروڕای حەسەنپوور) تاوتوێ کراوە. یەکێک لەو ڕووداوە سیاسیانەی کە کاریگەریی لە سەر گۆڕانی کێشی شیعری کوردی بووە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانییە. بزووتنەوەکان و هۆکارەکانی دیکەش لە سەر ئەم بابەتە کاریگەرییان بووە، بەڵام لێرەدا کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە تاوتوێ دەکرێت. لێرەشدا نەتەوەخوازیی کوردستانی باشوور کاردانەوەیەکە بە چالاکییەکانی حکوومەتی ناوەندی و، فۆرمی نوێی ئەدەبی بە بۆنەی ئەم ڕووداوە سیاسییەوە سەرهەڵدەدات.

### ۴- پێشینەی توێژینەوە

لوقمانی، توێژینەوەیەکی لە سەر کێشی شیعری بڕگەیی و کلاسیکی کوردی ئەنجام داوە. ناوبراو لەو باوەڕەدایە کە:

تایبەتمەندیی هاوبەشی ڕیتم، ئاواز و کێشی شیعر لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا لەوەدایە کە کێشی شیعری گۆرانی و فۆلکلۆر لە سەر بنەمای دە بڕگەییە. گرنگترین سەرچاوەیەک کە نموونەی سادە و ئاسایی شیعر بێ، شیعری ئایینی، فۆلکلۆر، ئامۆژگاری و پەندی پێشینیانە... لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعری فۆلکلۆردا بۆم دەرکەوت کە کێشی زۆربەی هەرە زۆری ئەم شیعرانە دە بڕگەییە.

کـــوورەی هەناســـەم بـــەرد مەتاوینـــۆ
گەردی ســـەر کێـــوان مـــن مـەلاونـــۆ
(۱۳۸۹: ٤٦٠)

ناوبراو سەبارەت بە کێشی عەرووزی و تایبەتمەندییەکانی لە شیعری کوردیدا دەڵێت:

> بە بڕوای من هۆی کەڵکوەرگرتن لە شیعری عەرووزی لە لایەن شاعیرانی کوردەوە ئەمەیە کە، یەکەم، زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی [کورد] مامۆستای ئایینی بوون و سەرچاوەی فێرکاریان ئایین، زمان و وێژەی عەرەبی بووە. دووهەم، هاوکات لەگەڵ فێربوونی عەرەبی، لەگەڵ بەرهەمی شاعیرانی گەورەی فارسیشدا ئاشنایەتییان پەیداکردووە. دیوانی حافیز، بووستان و گوڵستانی سەعدی سەرچاوەی خوێندنیان بووە. شاعیرانی کورد زۆربەیان کێشی عەرووزیان بەکار هێناوە (٤٦٧)

زیامەجیدی و ئەمینی (۱۳۸۹) لە وتارێکدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر شیعری فۆلکلۆری کوردی کەلهوڕی کردووە و بەشی یەکەمیان بۆ بەیت داناوە. «بەیت لە شیعری کەلهوڕیدا بریتییە لەو چیرۆکە شیعرە فۆلکلۆریانە لە نەتەوەکانی پێشووەوە دەمبەدەم گێڕدراوەتەوە. بابەتەکانی ئەم شیعرانە جۆڕاوجۆڕن، وەک: بابەتگەلی دینی، عیرفانی، پاڵەوانی، مێژوویی، چیرۆکی هەستبزۆین و وەسفی سروشت» (ضیامجیدی، ۱۳۸۹: ۱٦۰).

محەمەدی (۱۳۸۹) لە توێژینەوەیەکی دیکەدا کێشی بڕگەیی لە وێژەی کوردیدا تاوتوێ کردووە. ناوبراو لەو باوەڕەدایە کە «دەکرێت لە پێشینەی شیعرە فارسییەکانی گاتاکانی زەردەشت، بە دووی کێشی شیعری کوردیدا بین کە لە ڕوانگەی زۆرێک لە توێژەرانەوە بنەمای زمانی شیعری کوردیشن. ژمارەی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا زۆرن و هاوکات وتن و نووسینی ئەم زمانە زۆر لەیەک نزیکن» (٤۳۸).

گەردی (۱۳۸۳) لە توێژینەوەیەکدا هەموو شیعری کلاسیکی خاوەن کێشی عەرووزی، بڕگەبەندی کردووە و کێشە عەرووزییەکانی جیا کردووەتەوە. بە بڕوای توێژەر، زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی بەپێی کێشی هەزەج (مفاعیلن) و ڕەمەل (فاعلاتن)دایە تا ڕەجەز (مستفعلن) و موجتەس (مفاعلن) (٧٦۳). بۆ نموونە لە هەموو شیعرەکانی نالی و مەحویدا شیعرێک بە کێشی (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن) نییە.

گەردی (۲۰۱٤) لە کتێبێکی دیکەدا بە نێوی *کێشناسیی کوردی*، بنەما و تایبەتمەندییەکانی کێشی شیعری کوردی لە شێوەی کلاسیک و ئازاد و بڕگەیی و عەرووزیدا تاوتوێ کردووە. لەم کتێبەدا، کێشی شیعری کوردی، لە سەر بنەمای کێشی عەرووزی و بڕگەیی لە چوارچێوەی کلاسیک و ئازاددا باس کراوە. بۆ نموونە لەم کتێبەدا جۆرەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا بەسەر چوار جۆردا دابەش کراوە کە بریتین لە:

«- بڕگەی کورت: بڕگەیەکی کراوەیە. بزوێنەکەی کورتە. دوو جۆرە:
ئەلف- (نەبزوێن + بزوێنی کورت). وەکوو (کو/ ڕە) لە وشەی (کوڕە) دا،(م/ نە، ژ/ نی، ک/ پە، د/ ڵم) لە (منە، ژنی، کپە، دڵم) دا.
ب- (نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی کورت) وەکوو (خوە) لە زاری کرمانجی سەروودا.
٢- بڕگەی درێژ: چوار جۆرە:
ئەلف- (نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن). وەکوو سەر، دەم، کوڕ، بڕ...
ب- ( نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن) وەکوو (خوەش) لە زاری کرمانجی سەروودا.
ج- ( نەبزوێن + بزوێنی درێژ). وەکوو لا، دی، نۆ، کێ
د- (نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی درێژ). وەکوو : کوا، چیا، خوا...
٣- بڕگەی کەشیدە: سێ جۆرە:
ئەلف- (نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن). وەکوو چەند، سەخت، کورد...
ب- (نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن). وەکوو دوور، ساڵ، شیر...
ج- (نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن). وەکوو: خوار، دیار، سیار، بوار...
٤- بڕگەی زایدە: دوو جۆرە:
ئەلف- (نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن + نەبزوێن) وەکوو : سارد، ئارد، قۆرت، مێرد...
ب- (نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن + نەبزوێن). وەکوو: خوارد، بوارد، کوارگ. (١٧)

کتێبێکی دیکە لەسەر کێشی شیعری کوردی بە زمانی فارسی هەر بەم ناوەوە، نووسراوەی عەبدولخالێق پەرهیزی-یە (١٣٩٦). پەرهیزی هەوڵی داوە باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی شیعری کوردی و کێشی ئەم شیعرە بکات. دیسان وەکوو نموونەیەک، ئاماژە بۆ جۆرەکانی کێش لەم کتێبەدا دەکەین. پەرهیزی بڕگەکان لە زمانی کوردیدا بەسەر پێنج دەستەدا دابەش دەکات کە بریتین لە:

١- بڕگەی کورت وەکوو: (با) و (پتە)؛

٢- بڕگەی ناونجی وەکوو: (با) و (برا) و (بلەچ)؛

٣- بڕگەی درێژ وەکوو: (ژار)، (بژار)، (ڕژد)، (بڕشت)؛

٤- بڕگەی کەشیدە وەکوو: (سارد)، (بژارد)؛

٥- بڕگەی زۆر کەشیدە: وەکوو ڕۆیشت. (١٠٢)

کتێبێکی تر لەسەر کێش لە زمانی کوردیدا، بەرهەمی نووری فارس حەمە خانە (٢٠٠٤). نووری فارس حەمە خان هەوڵی داوە بابەتە جۆراوجۆرەکانی کێش تاوتوێ بکات. وەکوو نموونەیەک، ئەو جۆرەکانی کێش لە زمانی کوردیدا بەسەر دوو جۆری کورت و درێژدا دابەش دەکات (٧٨).

هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە بە بڕوایەکی فۆرمالیستی نووسراونەتەوە و لە ڕوانگە نوێکانی تر وەکوو کۆمەڵناسیی ئەدەبیات یان خوێندنەوە ڕەخنەییەکان کەڵکیان وەرنەگرتووە. خاڵی دیکە ئەوەیە کە لە سەر بنەماکانی کێش لە زمانی کوردیشدا کۆدەنگی نییە. بۆ نموونە – هەر ئەو جۆرە کە ئاماژەم بۆ کرد – لە سەر جۆرەکانی کێش لە زمانی کوردیدا سێ نووسەر سێ بڕوای جۆراوجۆریان هەیە، لە حاڵێکدا لە سەر جۆرەکانی کێش لە زمانی فارسی و عەرەبیدا کۆدەنگی هەیە. لەم وتارەدا لە دیدێکی ڕەخنەییەوە هەوڵ دراوە کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان لە سەر کێشی شیعری کوردی هەڵبسەنگێندرێت.

### ۵- دوو بزووتنەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و باشووردا

لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت گرنگیی دوو شۆڕشی مەلا مستەفا و قازی محەممەد و کاریگەرییان لە سەر زمان و وێژەی کوردی زۆرتر شیبکرێتەوە. یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، پێکهێنانی کۆمار بوو. ئەم ڕووداوە کاریگەریی زۆری لە سەر شیعر و بەرهەمی ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵات بووە. هاوکات لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەی مەلا مستەفاش لە کوردستانی باشووردا سەرهەڵدەدات کە لێرەدا ئاماژەیەک بە ئەم دوو ڕووداوە و گرنگییان لە باری مێژووییەوە دەکرێت. پاش دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووەم، ئێران ئەگەرچی بێلایەنی خۆی لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا دەربڕی، بەڵام ڕەزا شا، لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەڵمانیا دامەزراندبوو و تەنانەت ئەم وڵاتە چەند پرۆژەی پیشەسازیشی لە ئێراندا هەبوو. ئەم پەیوەندییە بووە هۆی نارەزایی بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤییەت. هەر بەم بۆنەشەوە لە ساڵی ۱۹٤۱ی زایینیدا (۱۳۲۰ی کۆچی هەتاوی) وڵاتی ئێران لە لایەن ئەم دوو وڵاتەوە داگیرکرا. باشووری ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و باکووری ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت. مەڵبەندی موکریان لەم ماوەدا لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتدا بوو.

دوای ئەم ڕووداوە گرنگە، دەرفەتێکی مێژوویی جۆر دەبێت بۆ جووڵانەوەی سیاسی. هەر لەم دەرفەتەدا کۆمەڵەی ژ-ک دادەمزرێت. عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) لە کتێبی چێشتی مجێوردا – کە خودژیاننامەیە – دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە بەم شێوە شی دەکاتەوە:

> لە پاش قەومانی شەهریوەر و هاتنی ڕووس بۆ مەڵبەندی موکریان، ئەفسەرێک لە لایەن کۆمەڵی هیوای کوردستانی بەردەست عێراقدا هاتووەتە سابڵاخ و دەیەوێ کەسێ پەیدا بکا کە گوێ لە ئامۆژگاری بگرێ. چەند ڕۆژێک لەم و لەو پرسیار دەکا پێ دەڵێن زەبیحی دەم لەو مەسەلانە وەردەدا. زەبیحی، حوسەینی پێ دەناسێنێ و چەند کەسیش ساز دەکەن کە گوێ لەو ئەفسەرە کە ناوی میرحاجە بگرن. یازدە کەس لە باغی سیسەی سابڵاخ دەگەڵ میرحاج کۆ دەبنەوە. لەسەر ئامۆژگاری ئەو حیزبی ژ.ک. دادەمەزرێنن. سوێندنامەکەی دەنووسنەوە. پرۆگرامی حیزبی هیوا بە تۆزێک دەستکارییەوە دەکەنە پرۆگرامی ژ.ک. (۲۰۰۷: ۵۳)

هەر ئەو جۆرە کە لە باسەکەی هەژاردا دیارە، حیزبی هیوا کاریگەریی زۆری بووە لەسەر دامەزرانی کۆمەڵەی ژ-ک. قازی محەمەد و هەژار ئەندامی ئەم حیزبە بوون. پاشان کە ئەم حیزبە دادەمەزرێت و چالاکیی سیاسیی خۆی دەست پێدەکات، قازی محەمەد دەبێتە سەرۆک. ئەم حکوومەتە یەکەم حکوومەتی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی بیستەمدا. لە مەرامنامەکەدا بە هەندێک داخواز وەکوو مافی چارەی خۆنووسین، فێرکردن و کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان، دوروس‌کردنی هاودەنگی لە نێوان جووتیار و دەرەبەگدا، هەوڵدان بۆ گەشەسەندنی کشتوکاڵ، بازرگانی، کەلتوور و تەندروستی و مافی چالاکیی سیاسی لە ڕێگای گەشەسەندن و پێشکەوتنی وڵاتدا ئاماژە کراوە (شیرازی، ۱۳۸۰: ۱۰۰).

ئەم حیزبە باس لە هەندێک داخوازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی و ئابووری دەکات و بنەڕەتی ئەو هەڵوێستانەش نەتەوەخوازی و مافی چارەی خۆنووسینی کوردە. گەرچی کۆمەڵەی ژ-ک و کۆمار تەمەنیان کورت بوو، بەڵام کاریگەریی زۆریان بووە لە سەر بیروڕای ڕووناکبیران و شاعیرانی ئەم سەردەمە. ئەو سێ شاعیرەی لێرەدا وەکوو نوێنەری قۆناغی شیعری بڕگەیی-عەرووزی

باسیان لێ‌کرا هەموویان لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا پەیوەندییان هەبووە. بەو جۆرە کە لە کتێبی چێشتی مجێوردا ئاماژەی بۆ کراوە، دامەزرانی کۆمەڵەی ژ-ک لە ژێر کاریگەریی حیزبی هیوای کوردستان و ئەفسەرێکی کوردی عێراق بە نێو ئەحمەدی میرحاج بووە. ئەحمەدی میرحاج، لایەنگری لە شۆڕشی مەلا مستەفا کردووە. ئەم شۆڕشە درێژخایەنترین شۆڕشە لە کوردستانی باشووردا. ڕێبەری ئەم شۆڕشە مەلا مستەفا بارزانی بوو. لێرەدا ئاماژە بە کورتەیەک لە ژیانی دەکرێت.

مەلا مستەفا شۆڕشی خۆی لە ١٩٤٣وە دەست پێدەکات، دوا بەدوای خۆبەدەستەوەدانی شێخ ئەحمەدی برای، ئەو سەر لەنوێ تێهەڵچووە، میری عێراقی بڕیاری دوور خستنەوەی بۆ ئێران دا. لە شوباتی ساڵی ١٩٤٥دا دێتە بەغدا. میر، بە داواکارییەکەی ڕازی دەبێت کە بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و چەکەکان کۆبکاتەوە بۆ کەوتەسەردان و گەڕان لە ناو گوندەکان و هاندانی خەڵک بۆ شۆڕش نانەوە. لە شوباتی ١٩٤٥دا هێزێکی سوپایان ناردە سەری و ناوچەی زێبار و بارزانیان ڕەتاند، ناچاریان کرد لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای پەنا بەرنە بەر سنووری ئێران، پاش تێکچوونی شۆڕشەکە شێخ ئەحمەد دەگەڕێتەوە عێراق. بەڵام مستەفا بەخۆی و دوو هەزار لایەنگرانی بەرەوو مەهاباد دەڕوات.

ئەم کورتەیە پەیوەندیی نێوان شۆڕشی قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و کاریگەریی شۆڕشی مەلا مستەفا لە سەر کۆمار دەردەخات. لە قۆناغە دواییەکاندا، مەلا مستەفا دەڕوات بۆ یەکێتی سۆڤییەت و چەند ساڵێکیش لەوێ ژیاوە. تەنیا حیزبی سیاسیی ئەوکاتەی کوردستانی باشوور، پارتی دێمۆکراتی کوردستان بووە کە دژ بە دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق جووڵاوەتەوە. زۆربەی چالاکە سیاسییە کوردەکانی باشوور، وەکوو ئێبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی و فرانسوا حەریری، بۆ ماوەیەک ئەندامی ئەم پارتە بوون. هەژاری موکریانیش هاوکاری لەگەڵ ئەم پارتەدا بووە. ئەم شۆڕشە توانیویەتی هەندێک دەستکەوتیشی هەبێ: وەکوو دامەزرانی کۆڕی زانیاریی کورد، فێرکردن و خوێندن بە زمانی کوردی، ئۆتۆنۆمی بۆ هەندێک لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور و هتد. بەڵام ساڵی ١٩٧٥ ئەم شۆڕشە شکست دەخوات و هەندێک لە ئەندامانی لێ جیا دەبنەوە و پارتی یەکێتی دادەمەزرێنن. دوو بزووتنەوەی قازی محەمەد و مەلا مستەفا لە گرنگترین بزووتنەوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور بوون و توانیویانە بۆ ماوەیەک هەندێک دەستکەوتیشیان هەبێت و کاریگەرییان بووە لە سەر نەتەوەخوازی و بزاڤی ئەدەبی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا.

### ٦- قۆناغی زاڵبوونی کێشی عەرووزی

پێش نالی، زاری هەورامی بەسەر ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا زاڵ بووە. بەناوبانگترین شاعیری ئەم قوتابخانەیە مەولەوی کوردە کە هەموو شیعرەکانی بە شێوەی بڕگەیی و لە چوارچێوەی جووتسەروادان. بە نالی-یەوە وەرچەرخانێکی بەرچاو لە شیعری کوردی سەری‌هەڵداوە. نالی، هەموو شیعرەکانی خاوەن کێشی عەرووزین و تەنانەت یەک خشتە یان بەیت لە دیوانەکەیدا نابینین کە کێشی بڕگەیی هەبێت. نالی کە مەلای ئایینی و لەگەڵ ئەدەبی فارس و عەرەبدا ئاشنایی بووە، لە قاڵبگەلێک وەکوو غەزەل، قەسیدە و موستەزاد بۆ شیعرەکانی کەڵکی

وەرگرتووە. بە نالی-یەوە قۆناغی شیعری عەرووزی لە ئەدەبی کرمانجیی ناوەڕاستدا دەست پێدەکات. شاعیرانی بەناوبانگی ئەم قۆناغە، لە کێشی عەرووزی بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانیان کەڵک وەردەگرن. لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا شیعری ئەم قۆناغەیان بە نێوی «قوتابخانەی بابان»یش هێناوە. (حاجی قادر، ۱۳۹۰: ۲۷ پێشەکی). نالی، مەحوی و سالم لە بەناوبانگترین شاعیرانی ئەم قۆناغەن و بە سێ کوچکەی بابان ناسراون. شاعیرانی دیکەی بەناوبانگی ئەم قۆناغەش وەکوو حاجی قادر و شێخ ڕەزاش لە کێشی عەرووزی کەڵکیان وەرگرتووە.

نالی هەموو شیعرەکانی عەرووزییە و هیچ شیعرێکی بەپێی کێشی بڕگەیی نییە و ئەم تایبەتمەندییە لە شیعری مەحوی و سالم-یشدا دەبینین. نالی بۆ جاری یەکەم قاڵبی غەزەل و قەسیدە دێنێتە نێو ئەدەبی زاری کرمانجیی ناوەڕاستەوە. بابەتی شیعرەکانی ئەو زۆرتر ئەویندارانە و وەسفی سروشت و هتدە و پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێندە لە شیعرەکانیدا بەدی ناکرێت. عەزیز گەردی لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە زۆربەی شیعرە کوردییەکان لە سەر کێشە عەرووزییەکانی وەکوو هەزەج (مفاعلین) و ڕەمەل (فاعلاتن) هۆنراونەتەوە تا ڕەجەز (مستفعلن) و موجتەس (مفاعلن) (گەردی، ۱۳۸۳: ۷۶۳). لە هەموو دیوانی نالیدا شیعری خاوەن کێشی (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن) نییە و شیعری کلاسیکی کوردی زۆرتر لە باری کێشەوە لە ژێر کاریگەریی شیعری حافیز و سەعدیدایە تا مەولەوی. هەڵبەت لە زمانی عەرەبیشدا زۆرتر وەکوو فارسی کێشی شیعر ئارامە تا توند، شیعری مەولەوی دەبێ بە نموونەی جیاواز لەم بوارەدا بزانین. ئەگەر دوای نالی، چاوێ بە شیعرەکانی مەحویدا بخشێنین، دەبینین زۆربەی ئەو تایبەتمەندیانەی لە شیعری نالیدا هەیە لە شیعری ئەویشدا هەیە. بۆ نموونە، تەنیا بەیت یان خشتەیەکیش شیعری بڕگەیی لە دیوانی مەحویدا نییە. لە هەموو دیوانی مەحویدا شیعرێک بە کێشی (مستفعلن مستفعلن مستفعلن) نییە و کێش و بابەتی شیعرەکانی مەحوی زۆر لەگەڵ شیعری نالیدا دێتەوە.

نمونەیەک لە غەزەلی نالی:

نەمـــردم من ئەگـــەر ئەم جارە بێ تـــۆ
نەچم شـەرتە هەتـــا ئەم خوارە بێ تـــۆ
دەروونم خاڵییـــە وەک نەی دەناڵـــێ
هـــەوارێکی چ پـــڕ هاوارە بێ تـــۆ...
(نالی، ۱۳۸۷: ۳۹۱)

نموونەیەک لە غەزەلی مەحوی:

بـــە نـــووری بـادە کەشفـــی زوڵمەتی تەقـــوا نەکـــەم چ بکەمـــ
بە شەمعێکـــی وەهـــا چـــاری شەوێکـــی وا نەکـــەم چ بکەمـــ
لە خەزنـــەی دڵمـــدا هەرچـــی هەیـــە هـــەر داخی ســـەودایە
دەسا بەم نەقدە دەردی عیشقی پێ ســـەودا نەکـــەم چ بکەمـــ
(مەحوی، ۱۳۸۱: ۲۷۳)

سالم، لەگەڵ نالی و مەحوی، سێ شاعیری بەناوبانگی قوتابخانەی شیعری بابانن. لە باری بابەت و کێشی شیعرەوە، شیعری سالم زۆر وێکچوویی لەگەڵ شیعری نالی و مەحوی‌دا هەیە.

بابەتی شیعرەکانی زۆرتر غینابیە و هەموو شیعرەکانی خاوەن کێشی عەروزین. کورتەیەک لە مەڕ شیعری سالمەوە:

سالم هەموو شیعرەکانی لە سەر بەحری عەرووز داناوە. بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانە لە سەر بەحری هەزەج و ڕەمەل ڕێکخراون. بە دەگمەن بەحرەکانی دیکەی عەرووزی بە کار هێناوە. لە ڕووی قافییەوە، بە کارهێنانی دەنگەکانی ئەلف و بێی کوردی و عەرەبی زۆر دەوڵەمەند نییە. مەبەست لێرەدا بەکارهێنانی ئەو دەنگانەیە لە زمانی عەرەبیدا دەبیسترێن. سالم پاش قافییەی زۆرە، ئەمانە هەندێ جار لە یەک وشە، هەندێ جار لە ڕستەیەک یان ڕستەیێکی ناتەواو پێک دێن. جگە لەوە شاعیر هەندێ جار نیوەدێڕی شیعر کەرت دەکا و بۆ کەرتەکان، قافییەی ناوەوە دوروست دەکا، ئەم هۆنەرە کە مورەسسەع (مرصع)ی پێ دەڵێن، ڕەوانی و مووسیقایێکی تایبەتی بە شیعرەکە دەدا (خەزنەدار، ٢٠٠٣: ٦٢).

نموونەیەک لە شیعری سالم:

خەراب بێ خانەیی دڵ هەر وەکوو خانەی خەراب کـردم
خوداوەند ئابڕووی دیـدەم، بـەرێ وەک ئابـــڕووی بـــردم
هەتا زیندووم دەچێنم تۆوی هــەر خـــارێ لە دڵ شایـــەد
کـــە بێی بۆســـەر مـــەزارم دامەنت بگـــرن ئەگـــەر مردم
(٦٥)

## ٧- شیعری کلاسیکی عەرووزی-بڕگەیی

لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی قازی محەمەد و بەهێزتربوونی نەتەوەخوازیی کوردی، قۆناغی دووەمی شیعری کلاسیکی کوردی زاری کرمانجیی ناوەڕاست – لە باری کێشەوە – دەست پێدەکات کە ئەم ڕێبازە شیعرییە بە شیعری نیۆکلاسیک یان قوتابخانەی موکریانیش ناوبانگی هەیە (موهتەدی، ٢٠١١: ٦٦). دوو شاعیری بەرچاوی ئەم قۆناغە، هێمن و هەژاری موکریانین. لە سەرینەی شیعری ئەم دوو شاعیرەدا، شیعری سەید کامیل ئیمامیش تاوتوێ کراوە. لە شیعری ئەم دوو شاعیرەدا هەر دوو کێشی بڕگەیی و عەرووزی دەبینرێت و جۆراوجۆریی قاڵبە شیعرییەکانیش لە چاو شیعری نالی و مەحویدا زۆرترە. جگە لەوە، بابەتی شیعری نالی و مەحوی هەر بابەتی شیعری حافز و سەعدی و شاعیرە کلاسیکە عەرەبەکانە، کە بریتین لە پەسنی پەیغەمبەر، بابەتی ئەویندارانە، عیرفان و هتد. بابەتی سیاسی و نەتەوەخوازانە و ئازادیخوازانە لە شیعری ئەواندا بەدی ناکرێت. بەڵام لە شیعری ئەم سەردەمەدا، لەگەڵ بابەتەکانی پێشوو، ئازادیخوازی و هەستی نەتەوەخوازانەش هەیە. هۆکاری سەرەکیی ئەو جیاوازییە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەردەمی شاعیرانی قۆناغی پێشوودا هەستی نەتەوەخوازی هێشتا سەری‌هەڵنەدابوو؛ بۆیە ئەم جۆرە هزرانە لە شیعری ئەواندا بەدی ناکرێت، بەڵام لە حاجی قادرەوە بە شێوەیەکی فەرمی ئەم چەشنە هزرانە هاتە ناو شیعر، هەرچەند پێشتر ئەحمەدی خانی هەستی نەتەوەخوازیی وروژاندبوو. حاجی قادر ئەگەرچی شیعری نەتەوەخوازانەی هەیە، بەڵام هەموو شیعرەکانی خاوەن کێشی عەرووزین، کە دەبێ وەکوو نموونەیەکی جیاواز باسی لێ بکرێت. بۆ نموونە، هێمن شیعری نەتەوەخوازانەی هەیە و لایەنگری لە مافی کوردان دەکات و هەم شیعری ئەویندارانە. هیچ کام لە شیعرەکانی هێمن و هەژار لە قاڵبی ئازاددا نین و هەموو شیعرەکانی ئەوان قاڵبی کلاسیکیان هەیە. لێرەدا چەند نموونە لە شیعری

بڕگەیی و عەرووزی هێمن  و هەژار دێنینەوە. سەرچاوەی شیعری هێمن (شێخولئیسلامی، ١٣٩٦) بووە.

**٧-١- هەژار**

عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگی سەردەمی قازی محەممەدە. هەژار لە پەخشان و شیعری کوردیدا، کەسایەتییەکی بەناوبەنگ و گرنگە؛ بۆ نموونە، سەرکەوتووترین وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام بە زمانی کوردی هی ئەوە. ئەو هەم ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک بووە و هەم لایەنگریی لە بزووتنەوەی مەلا مستەفا کردووە. هەژار لە ئێران، عێراق و سووریە ژیاوە و هەر ئەم ئەزموونە جیاوازە بووەتە هۆی شارەزایی ئەو لە زارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی. لێرەدا نموونەی شیعری هەژار دێنینەوە. شیعری بڕگەیی هەژار (شەرەفکەندی، ٢٠٠١):

هــەر کــوردم
بە دەربەدەری یـان لە مــاڵی خۆمــ
لە خاکــی عەرەب لە ئێـــران و ڕۆمــ
کۆک و پۆشتە بم ڕووت و ڕەجاڵ بمــ
کۆشکم دە قات بێ وێرانە مــاڵ بمــ

نموونەیەک لە شیعری عەرووزی هەژار، تەخمیس یا موخەممەسێکە بە نێوی «ژارگەی ماران»:

بەربەڕۆچکەش هەیە سەرمامە شــەوان مــن چبکەمــ
ئەم منالانە کە بێ کراس و کــەرەوان ، مــن چ بکەمــ
دڵــی بـردووم کچــەتیوی کــەرەوان، مــن چ بکەمــ
«دێت و ڕادەبرێ وەکوو سـەروی ڕەوان، مــن چ بکەمــ
کە بە قوربـانی نەکــەم ڕۆحــی ڕەوان مــن چ بکەمــ»

**٧-٢- هێمن**

هێمن و هەژار دوو شاعیری بەناوبانگی قوتابخانەی موکریانن. هێمن لە لای سەیفولقوزاتی موکریانی، مامی قازی محەممەد، کوردی فێر بووە. ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی دووەمە و ئەم نازناوە بە بۆنەی ئەوەی ئەندامی ئەم پارتە بووە، پێی دراوە. هێمن هەم نموونەی پەخشانی هەیە و هەم شیعری بەناوبانگ و هەندێک لە بەناوبانگترین غەزەلەکانی ئەم قوتابخانەیە هی ئەوە. لە دیوانی ئەودا شیعری بڕگەیی و عەرووزی پێکەوە هەیە و جۆراوجۆریی کێشی شیعری – بە تایبەت کێشی بڕگەیی – بەرچاوە، وەکوو شیعری ١١ بڕگە و ٧ بڕگە. سەرچاوەی شیعرەکانی هێمن، (هێمن، ١٣٩٦). نموونەیەک لە شیعری بڕگەیی ئەو بە نێوی «بلوێری شوان»:

نیوەشــەوە دنیــا خامــۆش
دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش
ئاهەنگێکــی گیــانپەروەرە
شــادیهێنە، خـەفــەتبەرە

نموونەیەک لە غەزەلی عەرووزی هێمن بە نێوی «کچی مەهاباد»:

لەبــاری، نازەنینــی، نەرم و نۆڵــی، دڵتــەری، شــادی
لە چاوی بەد بە دوور بـی ئەی کچی جـوانی مەهابـادی
لە جوانیــدا، لە پاکیــدا، نییە هاوتــات و نازانمـــــــ
فریشتـەی ئاسمــانی یــا نـە پـەروەردەی پەریــزادی؟

## ٧-٣- سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)

یەکێک لە شاعیرانی بەناوبانگی قۆناغی عەرووزی-بڕگەیی سەید کامیلە. سەید کامیل لەدایکبووی ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمە و وەکوو هەژار ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک بووە. ژیانی سەید کامیل ژیانێکی هەژارانە و دژوار بووە و چەند ساڵ لە تەمەنیشی لە زیندان تێپەڕاندووە. بابەتی شیعرەکانی، سیاسی، ڕەخنەگرانە، ئایینی و هتدە. شیعری ئاوات، وەکوو هێمن و هەژار عەرووزی و بڕگەییە. نموونەیەک لە شیعری عەرووزی ئەو بە نێوی «پاڕانەوە» (ئیمامی، ١٣٩٢):

ڕووڕەشی دەرگای خودام و سەرفکەندەی مستەفا
شەرمەساری ڕۆژی حەشر و ملکەچی ئالی عەبا
چارەڕەش شەو تا بەیانی هەر ئەم و ئەولا دەکەم
هەر وەکوو ماری بریندار هەڵدەسووڕیم بێ سەدا

نموونەیەک لە شیعری بڕگەیی ئەو بە نێوی «شایی و شین»:

لایــەک شاییــە، لە لایــەک شینـە
لایـەک هەڵپەڕکێ، لایـەک گرینـە
لایەک جـل دەبەن بـۆ بووکی سـاوا
لە لایــەک کفـن دەبـڕن بـۆ زاوا...

## ٨- قۆناغی کێشی بڕگەیی

لە نێو شاعیرانی بەناوبانگی شیعری ئازادی کوردی، شەش کەس لە هەموو بەناوبانگترن کە بریتین لە گۆران، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، سوارە ئێلخانی زادە و جەلال مەلەکشا. گۆران لە هەر دوو جۆر کێشی بڕگەیی و عەرووزی لە شیعری ئازادی خۆیدا کەڵکی وەرگرتووە. لە دوای گۆران، لە کوردستانی باشووردا، سێ شاعیری بەناوبانگی دیکەی شیعری ئازاد بریتین لە عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس. ئەم سێ شاعیرە هەموو شیعرە ئازادەکانیان بڕگەییە. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، دوو کەس لە هەموو شاعیرانی شیعری ئازاد بەناوبانگترن؛ پێش شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێراندا سوارە ئیلخانیزادە و دوای ئەم شۆڕشە، جەلال مەلەکشا. لە شیعری ئازادی هەر دوو شاعیردا، شیعری ئازادی بڕگەیی و عەرووزی هەیە.

## ٨-١- گۆران

گۆران وەکوو باوکی شیعری ئازادی کوردی دەناسن، کە لە سەرەتادا شیعری بە شێوەی کلاسیک دەهۆنیەوە. کێشی شیعری گۆران لە سەرەتادا عەرووزییە و پاشان دەبێت بە بڕگەیی. لە شیعری

گۆراندا جۆراجۆریی کێش زۆره، که ئه‌مه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌زموونی شیعری جۆراوجۆری ئه‌و. گۆران شیعری ئازادی به‌پێی کێشی عه‌رووزی و بڕگه‌یی هه‌یه به‌ڵام زۆربه‌ی شیعره کۆتاییه‌کانی، ئازاد و خاوه‌نی کێشی بڕگه‌یین. خۆی له پێشه‌کیی دیوانی *به‌هه‌شت و یادگار*دا ئاماژه به‌وه ده‌کات که له ساڵه ئاخره‌کانی شیعری خۆیدا به‌ته‌واوی کێشی عه‌رووزی وه‌لا ناوه و له کێشی بڕگه‌یی که‌ڵکی وه‌رگرتووه (گۆران، ۱۳۹۳: ٤٠).

### ۸-۲- سواره ئێلخانی‌زاده

سواره، به‌ناوبانگترین شاعیری شیعری ئازاده له ئێراندا؛ که‌سێک که هه‌م چالاکی سیاسی بووه و هه‌م له شیعری ئازادی کوردیدا زۆرتر له شاعیرانی دیکه ناوبانگی ده‌رکردووه. سواره ته‌نیا که‌سێکه له نێو شاعیره به‌ناوبانگه‌کانی شیعری ئازاد -که لێره‌دا باسیان ده‌که‌ین- به‌شێک به‌رچاو له شیعره ئازاد و کلاسیکه‌کانی عه‌رووزین. ئه‌مه‌ش تایبه‌تمه‌ندیی به‌رچاوی شیعری ئه‌وه. هۆکاری ئه‌وه‌ی که سواره له کێشی عه‌رووزی که‌ڵکی وه‌رگرتووه، ده‌گه‌ڕێته بۆ دوو شت: یه‌ک، کاریگه‌ریی نیما یووشیج و شیعری عه‌رووزیی ئه‌و، دووه‌م، پێگه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئه‌زموونی منداڵیی سواره. ده‌زانین که شیعری کلاسیکی فارسی خاوه‌ن کێشی عه‌رووزییه و سواره به بۆنه‌ی ئه‌مه‌وه له‌م کێشه که‌ڵکی وه‌رگرتووه. له سه‌رینه‌ی ئه‌مه‌شدا، کێشی چینی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات له زمانی کوردیدا کێشی عه‌رووزییه و پێگه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تیی بنه‌ماڵه‌ی سواره -که له بنه‌ماڵه‌ی ده‌ره‌به‌گه‌کانی بۆکانه- کاریگه‌ریی بووه له سه‌ر کێشی شیعریی ئه‌و. سه‌رچاوه‌ی ئه‌م به‌شه (ئێلخانی‌زاده، ٢٠١٤)ه.

### ۸-۳- شێرکۆ بێکه‌س

شێرکۆ بێکه‌س وه‌ک گرنگترین نوێنه‌ری شیعری ئازاد له ئه‌ده‌بی هاوچه‌رخی کوردیدا ناسراوه. ئه‌و و هه‌ندێک له هاوبیره‌کانی قوتابخانه‌ی ڕوانگه‌یان له سه‌ر شیعری کوردی له ساڵی ۱۹۷۰ دانا. له شیعری شێرکۆ بێکه‌سدا بێجگه یه‌ک شیعر به ناوی «له‌گه‌ڵ نالیدا» که شیعرێکی کلاسیکه و له یه‌که‌م به‌رهه‌می به نێوی *تریفه‌ی هه‌ڵبه‌ست*دا بڵاو بووه‌ته‌وه و خاوه‌ن کێشی عه‌رووزییه، هه‌موو شیعره‌کانی خاوه‌ن کێشی بڕگه‌یین به تایبه‌ت نوێی چواربڕگه‌یی و وه‌رچه‌رخان له کێشی شیعر له عه‌رووزییه‌وه به‌ره‌و بڕگه‌یی له شیعره‌کانیدا ده‌بیندرێت. خاڵی سه‌رنجڕاکێشی شیعره‌کانی شێرکۆ بێکه‌س نزیک‌کردنه‌وه‌ی شیعر و ڕۆمان به یه‌کتر و داهێنانی ژانرگه‌لێکی نوێیه وه‌کوو شانۆنامه‌ی شیعری، ده‌قی واڵا و په‌خشانه‌شیعر. جۆراوجۆریی کێشی شیعریی ناوبراو که‌مه و داهێنانی زۆرتر له بابه‌ت و ژانری نوێی ئه‌ده‌بیدایه تا کێشی شیعر. سه‌رچاوه‌ی ئه‌م به‌شه کۆی به‌رهه‌مه‌کانی شێرکۆ بێکه‌س-ه (٢٠٠٦).

### ۸-۴- عه‌بدوڵڵا په‌شێو

کێشی شیعری په‌شێو به‌ته‌واوی بڕگه‌ییه و هیچ شیعرێکی خاوه‌ن کێشی عه‌رووزی نییه. دووربوون له کوردستان و ژیانی هه‌نده‌ران، کاریگه‌ریی زۆری له سه‌ر شیعری ئه‌و داناوه. ڕه‌نگه ته‌نیا جیاوازیی کێشی شیعریی په‌شێو له چاو شاعیرانی دیکه‌ی ئه‌م قوتابخانه‌یه به‌رچاووونی کێشی حه‌وت بڕگه‌یی بێ له شیعریدا (شیعرێ له سه‌ر پێی سێ و چوار). سه‌رچاوه‌ی شیعره‌کانی په‌شێو، دوو دیوانی شیعری *هه‌سپم هه‌وره و ڕکێفم چیا*، *پشت له نه‌وا و ڕوو له کرێوه* که ساڵی ٢٠١٤ بڵاو بووه‌ته‌وه.

### ٨-٥- لەتیف هەڵمەت

لەتیف هەڵمەت، بە نوێنەری قوتابخانەی کفری لە سەرەتاکانی ١٩٧٠ لە کوردستانی باشووردا ناسراوە (سەجادی و ئیبراهیمی، ١٣٩٨: ٢٥٠). لە نێو شاعیرانی شیعری ئازاددا، شیعری ئەو زۆرتر ڕۆمانتیک و غینایییە. وەکوو بێکەس و پەشێو، لەتیف هەڵمەتیش بە یەکجاری کێشی عەرووزی وەلا ناوە و لە هەموو دیوانی ئەودا کێشی عەرووزی لە شیعرێکدا نابینین. تایبەتمەندیی گرنگی شیعری هەڵمەت بەرچاوبوونی شیعری بێ کێش و هەوڵی بۆ نزیک کردنەوەی شیعر و پەخشانە لە یەکتر. سەرچاوەی شیعری هەڵمەت-ە (٢٠١٤).

### ٨-٦- جەلال مەلەکشا

جەلال مەلەکشا، وەکوو یەکێک لە بەناوبانگترین شاعیرانی شیعری ئازاد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای شۆڕشی جەماوەری ١٩٧٩ زایینی دەناسن. گرنگیی شیعری ئازادی جەلال مەلەکشا لەوەدایە کە ئەو وەرچەرخانەی لە شیعری ئازادی کوردی لە کوردستانی باشوور لە ١٩٧٠ لە کێشی عەرووزی بەرەو کێشی بڕگەیی ڕووی‌دا، لە شیعری جەلال مەلەکشادا خۆی دەنوێنێ. هەڵبەت بە پێچەوانەی پەشێو و هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس، جەلال مەلەکشا بە یەکجاری کێشی عەرووزی چ لە شیعری کلاسیک و چ لە شیعری ئازاددا وەلا نانێت، بەڵام زاڵبوونی کێشی شیعری بڕگەیی لە دیوانەکەیدا بەرچاوە. سەرچاوەی شیعری مەلەکشایە (١٣٨٩).

### ٩- ئەنجام

هەر بەو جۆرەی کە وەلی ئاماژەی بۆ دەکات، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەمی زایینی و دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران و عێراق و تورکیەدا. سەرهەڵدانی شیعری بڕگەیی لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و لە سەدەی نۆزدەهەم لە ئەدەبی کرمانجیی ناوەڕاستدا – لە شیعری شاعیرە بەناوبانگەکاندا کە لێرەدا باسیان لێ کرا – زۆر بە دەگمەن شیعری خاوەن کێشی بڕگەیی هەیە. هەڵبەت ئاماژەی نووسەر بە زاری کرمانجیی ناوەڕاستە و لێرەدا بەرهەمی شاعیرە بەناوبانگەکان تاوتوێ کراوە. بە بڕوای نووسەر، ئەم دوو دیاردەیە بەم شێوەیە شتێکی بەهەڵکەوت نییە. لە سەدەی بیستەمدایە کە ئەم هەستە لە کوردەواریدا سەرهەڵدەدات و شیعری بڕگەییش وەکوو فۆرمێکی نوێی ئەدەبی پێک‌دێت. لەم ڕوانگەوە، بزووتنەوە نەتەوەخوازانەکان گرنگن، کە لێرەدا بە دوو بزووتنەوەی قازی موحەممەد و مەلا مستەفا، وەکوو گرنگترین بزووتنەوە نەتەوەخوازانەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، ئاماژە کراوە. هەر بەم بۆنەوە، بە بڕوای نووسەر، گۆڕانی کێش لە عەرووزییەوە بۆ بڕگەیی تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەریی ئەم دوو بزووتنەوەدا بووە. هەموو شاعیرانی بەناوبانگی قۆناغی شیعری بڕگەیی-عەرووزی لەگەڵ قازی محەمەد و ئەو ئەزموونەدا پەیوەندییان بووە؛ کەسانێ وەکوو هەژار، هێمن و سەید کامیل. لە سەرچاوەکانی دیکەدا، بە شێوەیەک بە سێ قۆناغ – یان لە هەندێک کتێبدا، قوتابخانەی شیعری کوردی – ئاماژە کراوە.

هەروەها، بە بڕوای نووسەر، گرنگترین بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردستانی باشوور لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە هاتە ئاراوە کە لە ئاکامدا هەرەس دەهێنێت. ترۆپکی دەستکەوتەکانی

ئەم بزووتنەوەیە سەرەتاکانی ۱۹۷۰یە کە کاتی سەرهەڵدانی شیعری ئازادی کوردستانی باشوورە. ئەوڕۆ کێشی شیعری ئازاد، لانی کەم لە کوردستانی باشووردا، بە بڕگەیی دەزانن. ئەگەرچی لە شیعری گۆراندا هەم شیعری ئازادی بڕگەیی هەیە، هەم شیعری ئازادی عەرووزی، بەڵام لە شیعری شاعیرانی دوایی، لە کوردستانی باشووردا، هیچ شیعرێکی ئازادی عەرووزی بەدی ناکرێت، بۆ نموونە لە شیعری بێکەس، هەڵمەت و پەشێودا.

قۆناغی سەرەتایی شیعریی خاوەن کێشی کرمانجیی ناوەڕاست، قۆناغێکە کە کێشی عەرووزی بە سەر ئەم وێژەدا زاڵە و هەستی نەتەوایەتی لە شیعردا کەمتر کاردانەوەی هەیە. ڕەنگە تەنیا شاعیرێکی بەناوبانگ لە سەدەی نۆزدەهەمدا کە بابەتی نەتەوەخوازانە لە شیعرەکانیدا کاردانەوەی بووە، حاجی قادری کۆیی بێ. شیعری نالی و مەحوی و سالم نوێنەری ئەم قۆناغەیە. هەموو شیعری ئەم شاعیرانە عەرووزییە و هیچ شیعری بڕگەیی لە دیوانی ئەواندا بەدی ناکرێت. لە هەندێک سەرچاوەکاندا شیعری ئەم قۆناغەیان بە نێوی «قوتابخانەی بابان»یش هێناوە. (حاجی قادر، ۱۳۹۰: ۲۷). شیعری بڕگەیی نیشانەی ورووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە زمانی کوردیدایە و لەم قۆناغەدا کە بزووتنەوەیەکی زۆر بەرچاوی نەتەوەخوازانە لە نێو کورددا نەبووە، کێشی شیعریش عەرووزییە. قۆناغی دووەم، قۆناغی سەرهەڵدانی کۆمار و هاتنی کێشی بڕگەییە بۆ نێو شیعری کوردی. شیعری هەژار و هێمن (وەکوو دوو نوێنەری بەرچاوی ئەم قۆناغە) هەم خاوەنی کێشی بڕگەییە و هەم خاوەنی کێشی عەرووزی. شیعری سەید کامیل، شاعیرێکی دیکەی بەناوبانگی ئەم قوتابخانەیە، وەکوو شیعری هەژار و هێمن، خاوەن دوو جۆر کێشی بڕگەیی و عەرووزییە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەر سێ شاعیری ئەم قوتابخانەیە بە شێوەیەک لەگەڵ قازی محەمەد و بزووتنەوەکەیدا پەیوەندییان هەیە.

قۆناغی سێیەم، زاڵ بوونی کێشی بڕگەییە بەسەر شیعری کوردیدا. ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری ئازاد. شیعری ئازاد لە کوردستانی باشوور، لە دوای گۆران، بەتەواوی خاوەن کێشی بڕگەییە. ئەم شیعرە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەیەی ۱۹۶۰ و ۱۹۷۰دا بەپێی هەر دوو جۆر کێشە، بەڵام لەم شیعرەشدا لە دوای شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹ لە ئێراندا، کێشی عەرووزی لاواز دەبێتەوە و کێشی بڕگەیی بەهێزتر دەبێ. بە بڕوای نووسەر، ئەم قۆناغی شیعرییە هاوکاتە لەگەڵ بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی و بەکارنەبردنی کێشی عەرووزی لە شیعری ئازادی کوردستانی باشووردا، کە لە ژێر کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیەدا بووە.

باس لە هەندێک لە شاعیرەکان لێرەدا نەکراوە و ڕەنگە ئەم ڕەخنە یان پرسیارە بێتە ئاراوە کە بۆ باسیان نەکراوە، وەکوو بێخود، قانع، شێخ ڕەزا یان حاجی قادر. لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی باسەکە تەنیا ئاماژە بە شیعری هەندێک لەو شاعیرانە کراوە کە نوێنەری دیاری سێ قۆناغی شیعری کوردین: قۆناغی زاڵ بوونی کێشی عەرووزی بە سەر شیعری کوردیدا، قۆناغی کێشی بڕگەیی و عەرووزییە و شیعری ئازادی کوردستانی عێراق کە هەمووی خاوەن کێشی بڕگەییە. نموونەی جیاواز لە هەر سێ قۆناغی شیعریدا هەیە، بەڵام بە گشتی ئەم سێ قۆناغە لە شیعری کوردی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت. هاوکات کێشی بڕگەیی وەکوو هێمایەک لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازانە لە ئەدەبی کوردی، لە شیعری ئەم سەردەمەدا دەردەکەوێت. ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی عێراق

لەگەڵ پرسی کورد زۆر بە توندوتیژی بووە و عەرەبەکان بە سووکایەتی و تەنانەت تەعریب لەگەڵ پرسی کورد جووڵاونەتەوە. هەر ئەم توندوتیژییە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە وێژەی کوردیشدا کێشی عەرووزی (وەکوو نوێنەری وێژەی عەرەب لە شیعری خاوەن کێشدا) بە یەکجاری فرامۆش بکرێت یان لاواز بێتەوە.

## سەرچاوەکان

### کوردی:

ئێلخانیزادە، سوارە (٢٠١٤). *شەنگەسوار*. ئامادە کردن و پێداچوونەوە سەلاحەدین ئاشتی. تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی غەزەلنووس، چاپی دووەم.

ئیمامی زەنبیلی، سەید کامیل (١٣٩٢). *شاری دڵ دیوانی ئاوات*. ئامادەکردنی سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی. تاران: نەشری ئانا.

بالخی، سەید محەمەد (مەحوی) (١٣٨١). *دیوانی شیعر*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕێس و فاتیح عەبدولکەریم. سنە: نەشری کوردستان.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦). *دیوانی شیعر کۆی بەرهەمەکان*. هەولێر: چاپی کوردستان.

پەشێو، عەبدوڵڵا (٢٠١٤). *هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا شیعری ١٩٨٠-٢٠٠٥* . هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی چوارەم.

پەشێو، عەبدوڵڵا (٢٠١٤). *پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە شیعری ١٩٦٥- ٢٠٠٥* . هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی چوارەم.

خەزنەدار، مارف (٢٠٠٣). *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی سێهەم نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم (١٨٠١-١٨٥٠). هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئیبراهیمی (١٣٩٨). *زمان و وێژەی کوردی*. سەقز: ناوەندی گوتار، چاپی سێیەم.

شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمان (هەژار) (٢٠٠١). *بۆ کوردستان*. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس.

--- (٢٠٠٧). *چێشتی مجێور*، سنە: ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی مهرگان، چاپی دووەم.

شەیخولئیسلامی، فاتح (٢٠١١). *وتووێژ، شیعر و پەخشانی سوارە ئێلخانیزادە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سوارەی ئێلخانیزادە*. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی موحەممەد بەهرەوەر. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

شەیخولئیسلامی، مەحەممەد ئەمین (هێمن) (١٣٩٦). *سەرجەمی شیعر و پەخشان*. سنە: نەشری کوردستان.

شاوەیسی میکاییلی، مەلا خدر (نالی) (١٣٨٧). *دیوانی شیعر*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕێس و فاتیح عەبدولکەریم. سنە: نەشری کوردستان.

کۆیی، حاجی قادر (١٣٩٠). *دیوانی شیعر*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. سنە: نەشری کوردستان.

گۆران، عەبدوڵڵا (١٣٩٣). *سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران بەرگی یەکەم.* کۆکردنەوە و پێشەکی موحەممەدی مەلا کەریم. تاران: بڵاوکراوەی پاییز.

گەردی، عەزیز (١٣٨٣). *ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی*، پیرانشار: پەخشانگای سامرەند.

--- (٢٠١٤). *کێشناسی کوردی*، چاپی یەکەم، هەولێر: پەخشانگای نارین.

لوقمانی، ڕەحیم (١٣٨٩). «عەرووز و کێشی شێعری کوردی». *کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی (بەشی کوردی)، زانستگای کوردستان*، ٢٠.

مەلەکشا، جەلال (١٣٨٩). *زرەی زنجیری وشە دیلەکان.* سنە: پەخشانگای هەژار، چاپی دووەم.

هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٤). *دیوانی شیعر.* تاران: ناوەندی بڵاوکردنەوە غەزەلنووس.

نووری فارس حەمە خان (٢٠٠٤). *عەرووزی کوردی*، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

**فارسی:**

پرهیزی، عبدالخالق (١٣٩٦). *وزن شعر کردی و تطبیق آن با وزن شعر فارسی.* تهران: انتشارات فردوس، چاپ دوم.

شمیسا، سیروس (١٣٨١). *آشنایی با عروض و قافیه*. تهران: انتشارات فردوس، چاپ هجدهم.

شیرازی، هاشم (١٣٨٠). *کتاب خاطرات (از فعالان سیاسی کردستان)*. به کوشش هاشم سلیمی. تهران: انتشارات گلبان، چاپ دوم.

ضیامجیدی، لیلا و محسن امینی (١٣٨٩). «وزن اشعار فولکلور در کردی کلهری»، دانشگاه کردستان، *مجموعەی مقالات نخستین همایش بین‌المللی ادبیات کردی* (بخش فارسی و لاتین)، ٢۵.

محمدی، غلامحسین (١٣٨٩). «وزن شعر کردی و سازگاری آن با نظم هجایی»، دانشگاه کردستان، *مجموعەی مقالات نخستین همایش بین‌المللی ادبیات کردی ( بخش فارسی و لاتین)*، ٢٠.

وحیدیان کامیار، تقی (١٣٩٧). *وزن و قافیه شعر فارسی.* تهران: مرکز نشر دانشگاهی.

ولی، عباس و دیگران (١٣٩٨). *ناسیونالیسم و مسألەی خاستگاەها: گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کرد*، ترجمەی مراد روحی. تهران: نشر چشمه.